# دەبێت سنوور بۆ تیرۆریستان دابنرێت

وەك لـە لای هەمـوو کەسێك ئاشـکرایە، کـە دەسـەلاَتی ڕەشـی بەعس یەکێکە لەو دەسەلاَتە ڕەشانەی بۆ سڕینەوەو لەناو بردنی گەلی کـورد پـەنای بـۆ هەمـوو شـێوازەکانی تـیرۆر بـردووە، هەنـدێ جـاریش سـنوری تیرۆری بۆ بەرزترین ئاستی کۆمەڵ کوژی تێپەڕاندووە. دەسـەلاَتی بـەعس بـە درێژایـی دەسـەلاَتداریێتی لـە عێـراقدا پـەنای بـۆ هەمـوو شـێوازەکانی تـیرۆر لـە دژی گەلی کورد بردووە، بۆ ئەم مەبەسـتەش چـەندین دام و دەزگـای سەرکوت کەرانەی دروست کردبوو، بۆیە ناکرێت هیچ یەکێك لەو دام و دەزگانە بە بەشێکی جیاواز لـە دەسـەلاَتی ڕەشـی بـەعس بزانرێت و هەر ئەندامێکی ئەو حیزبەش، کە بەو پەڕی هۆشیارییەوە پرۆسەو سیاسەتەکانی بەعسی دژی گەلی کورد پراکتیزە دەکرد لەدەرەوەی ئەو دەسەلاَتە تەماشا بکرێت.

ئەمڕۆ چەندین بەرپرس و کۆنە بەرپرسی بەعس لە پەیوەندییەکی دیبلۆماسیدان لەگەڵ ئەڵمانیادا، کە هەموویان دەستیان لە ئەو پلانە دژ بـە مـرۆڤایەتییانە هەبـووە، کە هەولَی لەناوبردن و سڕینەوەی گەلی کوردیان داوە، بەتایبەتیش هەردوو کارەساتی نامرۆڤانەی وەك ئـەنفال و هەڵەبجە، هەر بۆیە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە نەك ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو پەیوەندییانەی، کە ئەمڕۆ ئەڵمانیا نوێنەرانی بەعسـی بـۆ ئەڵمانـیا بانگهێشـت کـردووە دەردەبـڕێت، بەڵکـو دەنگـی خـۆی دەخاتـە پـاڵ دەنگی بەرێـز هانـز براندشـاید (مـیدیکۆ ئەنتەرناسیونال) بۆ دەستگیرکردنیان.

تکایـە بـا هەمـوومان دەنگـی خـۆمان بـۆ دادگاییکردنـی هەمـوو ئـەو گومانلێکراوانەی دەستیان لەو تاوانە نامرۆڤایەتییانەی دژی گەلی کوردکراوە یەکبخەین.

کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە
26. 9. 2002



www.kurdistannet.org